**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١١٦٠٤ لە ٢٠١٩/٦/٣٠**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بە مەبەستی ڕێکخستنی چۆنیەتی دانانی سیستەمی غاز (LPG) بۆ ئۆتۆمبێل، بڕیارماندا بەدەرچواندنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە:

## ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩
## ڕێنمایی تایبەت بە دانانی سیستەمی غاز (LPG) بۆ ئۆتۆمبێل

**ماددەی (١) :- مەرجەکانی دانانی شوێنی سیستەمی غاز (LPG) بۆ ئۆتۆمبێل :**

١.پێویستە ئەو شوێنەی کە سیستەمی غاز دادەنێت بۆ ئۆتۆموبێل کۆمپانیایەکی تۆمارکراو بێت لە وەزارەتی ناوخۆ و تەنها کاری بریتی بێت لە دانانی سیستەمی غاز (LPG) بۆ ئۆتۆمبێل.

٢.پێویستە شوێنی دانانی سیستەم مۆڵەتدار بێت و گونجاو بێت بۆ کارکردن بەمەبەستی سەلامەتی هاووڵاتیان و پەیڕەوکردنی بنەمەکانی سەلامەتی لە شوێنی کارکردن.

٣.وەزارەتی ناوخۆ لیژنەیەکی تایبەتمەند لە هەر چوار پارێزگاکان دادەنێت بۆ ئەنجام دانی پشکنین (کشف)ی شوێنی کارکردن.

**ماددەی (٢) :- مەرجەکانی جۆری سیستەمی غاز (LPG) بۆ ئۆتۆمبێل :**

پێویستە سیستەمی غازی بەکارهێنراو ئەم خاڵانە لە خۆ بگرێت :

١. سیستەمی غاز پێویستە بەڵگەنامەی ایزو ISO هەبێت .

٢. دەبێت میشکی ئیلکترونی OBD هەبێت .

٣. دەبێت نەخشەی (Map Sensor) هەبێت بۆ ئەوەی ئەگەر لێچوونی غاز هەبێت بۆ هەستیاری ئەوەی ئەگەر سیستەمی ئیلکترونی (OBD) کاری نەکرد ئەوە ئەم سیستەمە کونترۆلی لێچوونەکە بکات تاکو هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوو نەدات.

٤. دەبێت سیستەمی غازەکە بەپێی جۆرو توانا بزوێنەری ئۆتۆمبێل بێت واتە ڕەچاوی ژمارەی پستن (١٠،٨،٦،٥،٤،٣) بکرێت هەروەها ئەگەر تۆربو بێت دەبێت ڕەچاو بکرێت بەپێی ژمارەی پستنەکان .

٥. ئەگەر ئۆتۆمبێلەکە کابرولێت (کابریتر) یان نۆزلی ڕاستەوخۆی هەبێت پێویستە سیستەمی تایبەتی بۆ دابنرێت .

٦. نابێت سیستەمی بەنزین بەهیچ شێوەیەك دەستکاری بکرێت چونکە لە ڕووی سەلامەتی و تەندروستی مەترسیدارە هەروەها ژینگە پارێز دەبێت .

٧. تانکی غازەکە دەبێت لە جۆری زریپۆش بێت واتە نابێت پلاستیك بێت هەرەوەها دەبێت لە دوو ڤالڤی سەلامەتی کەمتری نەبێت هەروەها سیستەمی هەستیاری گەرمای هەبێت بۆ دوورکەوتنەوە لە مەترسیەکانی ڕووداوی ئۆتۆمبێل .

٨. دەبێت بۆری بەکارهاتووی سیستەمی غاز لە جۆری مزی باوەڕپێکراو بێت واتە بەرگەیی شکاندنی هەبێت .

**ماددەی (٣) :-**

١- پێویستە کۆمپانیای (پشکنینی توندوتۆڵی ئۆتۆمبێل) برگەی پشکنینی سیستەمی غاز بخاتە ناو پروانامەکەی.

٢- کۆمپانیای (پشکنینی توندوتۆڵی ئۆتۆمبێل) پێویستە ئارمی پێویست بخاتە سەر جامی ئەو ئۆتۆموبێلە کە سیستەمی غازی هەیە بۆ ئەوەی لە مۆڵەکان رێپێدراو بێت چونکە ئەوانی تر مەترسیدارە.

**ماددەی (٤) :-**

پێویستە هەموو کەل وپەلی سیستەمی غاز بەشێوەیەکی یاسایی بێتە ناو هەرێمی کوردستان لە خاڵە سنووریەکان.

**ماددەی (٥) :-**

١- هەر شوێنێك پابەند نەبوو بەم رێنمایانەی سەرەوە ئەوە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار شوێنەکە دابخات و تا برگەکانی ئەم رێنماییە جێبەجێ نەکات ناکرێتەوە و شوێنەکە بە یەکجاری دادەخرێت.

٢- لە کاتی دووبارە بوونەوەی سەرپێچی بە بڕی (١٠,٠٠٠,٠٠٠) دە ملیۆن دینار سزا دەدرێت.

**ماددەی (٦) :-**

١- نابێت رێگە بە ئۆتۆمبێلی غاز بدرێت بچێتە گەراجی ژێر زەمینی.

٢- نابێت دوو تانکی غازی (LPG) پێکەوە لەحیم بکرێت بە مەبەستی زیادکردنی قەبارەکەی .

٣- زانیارییەکانی کۆمپانیای دروستکەری تانکی غاز بە پلێت بلکێرێت بە تانکیەوە ، واتە نابێت بەبۆیاخ بنووسرێت.

٤- ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە بەستنی سیستەمی غاز بۆ ئۆتۆمبێل کەسانی پسپۆر بن لەم بوارەدا وە بروانامەی تایبەتیان هەبێت .

**ماددەی (٧) :-**

پێویستە لیژنەیەکی تایبەت بە بەردەوامی بەدواچوونەوەی جێبەجێ کردنی ئەم رێنماییە لەسەر هەر (٤) پارێزگا بکات.

**ماددەی (٨) :-**

پێویستە بەرێوەبەرایەتیەکانی بەرگری شارستانی هاووڵاتیان و شوێنی دانانی ئەم سیستەمە هۆشیار بکەن لەسەر ئەم رێنمایە .

**ماددەی (٩) :-**

ئەم رێنماییە لە رۆژی دەرچوونی کاری پێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**